# خولی دووەمی سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بەردەوام کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە و دەبێت لەسەر هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان. بەڵام سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا و سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەم خولەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا "دۆناڵد ترەمپ"، کاریگەری و پێگە و قورساییی، بەراورد بە سەرۆکەکانی دیکە زۆر جیاوازترە. چونکە ئەم جارەیان ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا جەختی لە دروشمی "Peace Through Strength" (ئاشتی لە ڕێگەی هێزەوە) کرد و، چاوەڕوانیش دەکرێت بنەما سەرەکییەکانی ئەم دروشمە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا  لە چوار ساڵی داهاتوودا ڕەنگ بداتەوە. بۆیە دەبینین سەرجەم لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەنیگەرانی و دڵەڕاوکێوە دەڕواننە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترەمپ، چونکە پێشبینی دەکرێت خولی سەرۆکایەتیی ئەم جارەی ترەمپ جیاوازتر بێت بەراورد بە خولی یەکەمی؛ هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوکێشە سیاسی، ئەمنی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی تیشك بخەینە سەر کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکانی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترەمپ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

**ئایا سیاسەتی ترەمپ لە بواری دەرەوە لەم خولەدا گۆڕانی بەسەردا دێت؟**

بەر لەوەی وەڵامی پرسیاری "**ئایا سیاسەتی ترەمپ لەسەر ئاستی دەرەکی لەم خولەدا گۆڕانی بەسەردا دێت یاخود نا؟**" بدەینەوە، پێویستە بە شێوەیەکی گشتی تیشك بخەینە سەر هاوکێشە سیاسی، ئەمنی، ئابووری، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی جیهان لە ڕۆژگاری ئێستادا. بۆیە ئەو هاوکێشەیەی کە ئێستا هەیە، زۆر جیاوازترە لەوەی کە لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیی ترەمپ هەبوو؛ سەرەتا ئەفغانستان گۆڕانگاریی سەرەکیی بەسەردا هاتووە و ئەم وڵاتە دووبارە ڕادەستی تالیبان کرایەوە، هەروەها جەنگێکی بێوچان و کوشندە لە نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا سەری هەڵداوەتەوە و ئەم جەنگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنیی هەیە لەسەر سیاسەت و ئاسایش و ئابووری و داراییی جیهان؛ تەنانەت لە ڕووەکانی وزە و خۆراکیش کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم جەنگە لە ساڵانی ڕابردوو بینرا، کە تا ئێستایش ئەم کاریگەرییە نەرێنییانە درێژەیان هەیە.

هەروەها جەنگی ئیسرائیل و حەماس لە لایەك و ئیسرائیل و ئێران لە لایەکی دیکە، ئەم جەنگ و ململانێیە ڕاستەوخۆ ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێك داوە و بۆتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکە و تەنانەت لە

جیهانیشدا. بەدەر لەمە، کێشەی کۆچی نایاسایی لە سنووری باشووری ئەمریکا لەگەڵ مەکسیك، لە هەمووانیش گرنگتر، ئێستا چین لەسەر ئاستی جیهاندا، بەتایبەت لە ڕووەکانی بازرگانی و پیشەسازی و ئابوورییەوە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی خستۆتە سەر ئەمریکا و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێزی ئابووری و دارایی چین پەرە دەسەنێت.

لە چوارچێوەی ئەم پێشهاتانە، بێ گومان هەڵوێست و تێڕوانینی ترەمپ لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیدا، بۆ کێشە و ڕووداو و پێشهاتەکان جیاوازتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەی پێشبینیکردن و خوێندنەوەی پێشوەختە بۆ هەنگاو و هەڵویستەکانی ترەمپ کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی هێڵە گشتییەکانی تێڕوانین و هەڵوێستەکانی ترمپ لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

1. بە شێوەیەکی گشتی چاوەڕوان دەکرێت هەڵوێستەکانی ترمپ لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا ناسەقامگیر بێت، ئەمەیش ناڕوونیی زیاتر دەبەخشێتە هەڵوێستەکانی و، لە کۆتاییدا هێزی سڵپێکردنەوەی ئەمریکا لە جیهاندا زیاد دەکات؛ چونکە ترەمپ پێی وایە دەسەڵاتدارانی ئێستای ئەمریکا لە ئاست و خواستی خەڵکی ئەمریکادا نین و ئەمریکا لەو پێگەیدا نییە لەسەر ئاستی جیهاندا، کە پێویستە تیایدا بێت.
2. ترەمپ خاوەن کەسایەتییەکی ئاوایە کە لە دانوستانەکاندا کەسێکی سەختە و، شت ئاوا بەئاسانی نابخشێتە لایەنی بەرامبەر. واتا ترەمپ ئەگەر دستکەوتێکی زۆر بۆ ئەمریکا دابین نەکات، هیچ شتێك نابەخشێتە لایەنی بەرامبەر؛ تەنانەت لایەنەکە ئەگەر هاوپەیمانیشی بێت. بۆیە سەردەمی سەرۆکایەتیی دووەمی ترەمپ بۆ هاوپەیمانانی ئەمریکاش، پێ دەچێت زۆر سەخت بێت. ئەم هەڵوێستەی ترەمپ مەترسیی زۆر لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەگەری ئەوە زۆرە کە بەشێك لە هاوپەیمانانی ئەمریکا بەم هۆیەوە ڕوو بکەنە بژاردە و ئەلتەرناتیڤەکانی دیکە جگە لە ئەمریکا.
3. ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا جەختی لەسەر پاڵپشتیکردنی بەرهەم و پیشەسازیی ناوخۆیی ئەمریکای کرد؛ هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕای گەیاند ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، ئەوە ڕسووماتی گومرگی سەر کەلوپەل و بەرهەمی وڵاتانی بیانی بە ڕێژەی 10% تا 20% زیاد دەکات و ئەم ڕێژەیە دەگەیەنێتە 100% تا 200% بۆ کەلوپەل و بەرهەمی ئەو وڵاتانەی کە دۆلاری ئەمریکی وەکوو دراوی یەدەکی وڵاتیان بەکار ناهێنن. بێ گومان ئەم هەنگاوەی ترەمپ بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری دەرەکیی ئەمریکا دەبێت و، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەم هەنگاو و هەڵوێستانە دادەڕێژرێت.
4. پێشبینی دەکرێت ترەمپ لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر چین توندتر بێت. چونکە لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە چین لەسەر ئاستی جیهاندا ڕکابەرێکی سەرسەختی ئەمریکایە؛ بەهۆی ئەوەی "ترمپ"یش لە جیهانی بازرگانی و کارەوە هاتووە، مەترسییەکانی چین لەم بوارانەوە زیاتر هەست پێ دەکات و لە زەمینی واقع (لە ئەرزی واقع)یشدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم مەترسییە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ترەمپ لە ڕێگەی سەپاندنی سزاکان و زیادکردنی ڕسووماتی گومرگی بەسەر کەلوپەلە چینییەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیش ڕووبەڕووی چین ببێتەوە.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە، وڵاتانی ئەورووپییش ئەم هەنگاوەی ترەمپ بە هەنگاوێکی ئاسایی دەبینن،

چونکە چین لەسەر ئاستی جیهاندا گەیشتۆتە پێگەیەك وڵاتانی جیهانی نیگەران کردووە، بەتایبەت لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و تەنانەت داراییش. لە لایەکی دیکە لەوانەیە بابەتی "تایوان"یش لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، لەلایەن واشنتۆنەوە لە دژی چین بەکار بهێنرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین، پێشبینی دەکرێت ترەمپ لە لایەك کار بکات لە ڕووی بازرگانی و ئابووری و داراییەوە چین گۆشەگیر بکات، لە لایەکی تریشەوە کار بۆ ئەوە بکات کارتی بەرگریکردن لە تایوان وەك ئامرازێکی گوشاری ڕاستەوخۆ لە دژی پەکین بەکار بهێنێت.

هەروەها ترەمپ بۆ پۆستی وەزیری بازرگانیی ئەمریکا، دۆستی نزیکی خۆی و بزنسمانێکی ناوداری ئەمریکا "هوارد لوتنیك" (Howard W. Lutnick)ی، کە سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای "کانتۆر فیتزجێراڵد" (Cantor Fitzgerald)ە دەستنیشان کرد. ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە کە ترەمپ دەیەوێ ئامانجە بازرگانییەکانی خۆی لە ڕێگەی "لوتنیك"ەوە جێبەجێ بکات کە گرنگترینیان بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی وەزارەتی بازرگانییە دەربارەی هاوردەکردنی کەلوپەلەکان لە دەرەوەی ئەمریکا، هەروەها بابەتێکی دیکەی ستراتیژی و گرنگتر ئەوەیە کە ترەمپ هەوڵ دەدات ڕێگری لە پەکین بکات لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئەمریکی بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی؛ بۆیە دەبینین تەنانەت "جۆ بایدین"ش تا ڕاددەیەك دەسەڵاتەکانی وەزارەتی بازرگانیی بەکار هێنا بۆ ڕێگریکردن لە گەیشتنی تەکنەلۆژیای ئەمریکی و بیانی بە پەکین. لەم چوارچێوەیەدا پێشبینی دەکرێت ترەمپ لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانییەوە کار لەسەر لاوازکردنی چین بکات لە بابەتی "نیمچەگەیەنەرەکان" (Semiconductors)) کە لە بەرهەمە ئەلیکترۆنییەکان و ژیریی دەستکرد بەکار دەهێنرێت.

5. جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا بابەتێکی گرنگی دیکەیە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاریگەریی بەرچاوی هەیە، بەتایبەت لە کیشوەری ئەورووپا. چاوەڕوان دەکرێت ترەمپ لە ڕێگەی گوشارخستنە سەر ئۆکراینا کار بۆ ئەوە بکات کۆتایی بەم جەنگە بهێنێت. بێ گومان ئەگەر بە گوشاری ترەمپ جەنگەکە کۆتاییشی پێ بێت، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە گرفتەکە لە بنەڕەتەوە چارەسەر دەکرێت. پێ دەچێت ترەمپ بەوە ڕازی بێت بەشێکی خاکی ئۆکراینا کە لەلایەن ڕووسیاوە داگیر کراوە، لە لای ڕووسیا بمێنێت (بۆ نموونە بەشێکی هەرێمی دۆنباس)، ئەمەیش جۆرە متمانەیەك دەبەخشێتە ڕووسیا بۆ ئەوەی هەنگاوی جددی بەرەو ڕاگرتنی جەنگەکە بهاوێژێت و لەوانەیە لە ئەنجامی گوشارەکانی ترەمپ هەردوو لا ڕازی بن بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست. واتا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و تێڕوانینی سەرۆکی ئەمریکا بەراورد بە جۆ بایدن، لەمەر مامەڵەکردن لەگەڵ جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا جیاوازن و پێشبینی دەکرێت گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەم بابەتەدا بێتە ئارا.
6. تیمی کاری ئەم جارەی ترەمپ جیاوازتر دەبێت لەوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی؛ ئەم جارەیان ڕێکتر و پرۆفیشناڵتر دەبێت. واتا ترەمپ خۆی لەو ناوانە بەدوور دەگرێت کە لەوانەیە لەگەڵی هاوڕا نەبن و دژی بوەستنەوە. ئەمەیش تا ڕاددەیەك باشترە و ڕێگری لە سەرهەڵدانی پاشاگەردانی (فەوزا) دەکات و زیاتر جەخت لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی کار و ئەجێندای ترەمپ دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا ترەمپ، پێشکەشکاری کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمریکی "پیت هیگسێت" (Pete Hegseth)ی بۆ پۆستی وەزیری بەرگری دەستنیشان کردووە. سەرەڕای ئەوەی پێداچوونەوە بە دۆسیەی

کاندیدکردنەکەی دەکرێت بە تۆمەتی دەستدرێژیی سێکسی، بەڵام ئەگەری ئەوەیش هەیە کە ناوبراو ئەم پۆستە وەربگرێت. هێگسێت بە "هەڵۆی جەنگ" ناوزەد دەکرێت و لایەنگرێکی سەرسەختی ئیسرائیلە و پڕوای وایە دەبێت غەززە لەناو ببردرێت و یەکێکە لە نەیارەکانی تاران. بەرامبەر ئەمە ترەمپ، "مارکۆ ڕوبیۆ" (Marco Rubio)ی بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە دەستنیشان کرد. ڕوبیۆ بەوە ناسراوە کە دوژمنێکی سەرسەختی فەلەستینە و لایەنگرێکی بەپەرۆشی ئیسرائیلە؛ هەروەها ڕوبیۆ بە دژایەتیکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ناسراوە کە واشنتۆن و وڵاتانی ڕۆژاوا لە ساڵی 2015 لەگەڵ تاران واژۆیان کرد.

لەم دوو ناوە بۆمان دەردەکەوێت کە ترەمپ ئەم جارە زیاتر گرنگی بەو کەسایەتییانە دەدات کە بۆچوونەکانیان لەگەڵی بۆچوونی خۆی نزیکە و نایەوێ لە کاتی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا، تووشی کێشە و گرفت بێت.

**سیاسەتی ترەمپ لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی دەبێت؟**

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگی هەیە لە ڕووی پارێزگاریکردن لە سەقامگیری و ئاسایشی جیهانەوە. بۆیە هەر ڕووداو و پێشهاتێك لەم ناوچەیەدا ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاسایشی جیهان دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا و بە حوکمی ئەوەی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهاندا پێگە و قورسایی تایبەتی خۆی هەیە، تێڕوانین و بۆچوون و هەڵوێستەکانی بەرامبەر گرژی و گرفت و ڕووداوەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕووی یەکلاییکردنەوە و ئاراستەکردنی پێشهاتەکانەوە، گرنگە.

بەگشتی دەتوانین ئاماژە بەم دوو خاڵەی خوارەوە بکەین کە لەوانەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر دەرکەون:

1. جەنگی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵا و پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا لە لایەك و ململانێی ئیسرائیل و ئێران لە لایەکی دیکە. دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی 2023، هاوکێشەی ناوچەکە و تێڕوانینی ئیسرائیل بۆ ئێران و میلیشیا چەکدارەکانی نزیك تاران لە ناوچەکەدا بەتەواوەتی گۆڕا، چونکە تەلئەبیب بۆ یەکەم جار هەستی بەوە کرد کە کاتکوشتن لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵا و هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکە هیچ سوودێکی بۆ ئیسرائیل نییە، جگە لە بەهەدەردانی توانای سەربازی، ئەمنی، دارایی و ئابووریی ئیسرائیل. بۆیە ئیسرائیل دوای ئەم قۆناغە بڕیاری دا کە ستراتیژییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵا و هێزە پرۆکسییەکانی ئێران و تەنانەت خودی ئێران بگۆڕێت و، لە بری ئەوەی خۆی بە پێیەکانی هەشتپێ (ئەختەبوت)ەوە سەرقاڵ بکات، بڕیاری دا کە سەری هەشتپێیەکە لەناو بەرێت یاخود لانی کەم لاوازی بکات. بۆیە دەبینین ئیسرائیل لە لایەك خەریکی لەناوبردنی پێیەکانی هەشتپێیەکەیە لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر حەماس و حزبوڵڵا و هێزە پرۆکسییەکانی ئێران، لە لایەکی دیکە و بۆ یەکەم جار ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووی ئێران بووەوە. واتا تەلئەبیب ئەم جارەیان بە هەردوو ئاراستە هێرشەکانی دەست پێ کردووە: لە لایەك لە دژی پێیەکان و لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدات سەری هەشتپێیەکە لەناو بەرێت. لەم نێوەندەدا گەورەترین پاڵپشتیکەر بۆ ئەم هەڵوێستەی ئیسرائیل، ئەمریکایە؛ هەرچەند بایدن زۆر بەجددی هەوڵ دەدات پێش ئەوەی لە 20ی کانوونی دووەمی ساڵی 2025 کۆشکی سپی جێ بهێڵێت، کار بۆ ڕاگرتنی جەنگی ئیسرائیل و

حەماس و حزبوڵڵا و ئێران دەکات. لەم نێوەدا هەرچەندە ترەمپ بەڵێنی ئەوەی داوە کە ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەرپا دەکا بەڵام تا ئێستا ئەو ناوانەی کە لەلایەن ترەمپەوە بۆ تیمی کارکردنی دیاری کردوون، هەموویان ئەو کەسایەتییانەن کە دۆست و لایەنگری سەرسەختی ئیسرائیلن، وەکوو: "پیت هیگسێت" و "مارکۆ ڕوبیۆ".

بۆیە پێشبینی دەکرێت ترەمپ جۆرە ئاشتییەك بەسەر ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی و حەماس و حزبوڵڵا بسەپێنی، کە بەتەواوەتی لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدا بێت و نەیارەکانی ئیسرائیل لە ڕێگەی ئەم جۆرە ئاشتییەوە لەناو بەرێت یاخود لانی کەم لاوازیان بکات. چونکە تێڕوانینی ترەمپ بۆ سەپاندنی ئاشتی لەسەر بنەمای "Peace Through Strength" واتا "ئاشتی لە ڕێگەی هێزەوە" بنیات نراوە. ئەمەیش نیشاندەر و هەواڵدەری ئەوەیە کە سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر بەم کەیس و بابەتە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدا دەبێت و، پێشبینی دەکرێت گوشارەکانی ئەمریکا لە خولی دووەمی ترەمپ بۆ سەر ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی زیاتر بێت و، ناوچەکە گرژی و ئاڵۆزیی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.

لە لایەکی دیکە ترەمپ "ئەلیز ستیفانیك" (Elise Stefanik)ی وەکوو باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشان کرد. ستیفانیك یەکێکە لەو ناوانەی کە بەسەختی بەرگری لە ئیسرائیل دەکات و ڕەخنە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرێت بەهۆی ئەوەی دژی ئیسرائیل بڕیاری دەرکردووە؛ ئەمەیش نیشاندەری ئەوەیە ترەمپ دەیەوێ گوشارەکانی بۆ سەر نەتەوە یەکگرتووەکان زیاد بکات بۆ ئەوەی لەمەوبەدوا بڕیار لە دژی ئیسرائیل دەرنەکات و، نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو چوارچێوەیەکی یاسایی بەکار بهێنێت بۆ پاراستنی ئیسرائیل و، شەرعییەت بداتە کردەوەکانی لە ناوچەکەدا. ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە کە ترەمپ نیازی هەیە ببێتە داکۆکیکارێکی سەرسەختی ئیسرائیل لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

2. قەیرانی سووریا و پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا دوو بابەتی گرنگی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. ترەمپ بەراورد بە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی، ئەم جارەیان هەوڵ دەدات هەڵوێستی بەرامبەر قەیرانی سووریا ڕوونتر و ئاشکراتر بێت. بەتایبەت لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا ترەمپ جەختی لەسەر کشانەوەی ئەمریکا دەکردەوە لە سووریا، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرپرسانی ئەو کاتەی وڵات دژایەتیی ئەم بۆچوونەی ترەمپیان کرد لە لایەك و، لە لایەکی دیکە لەسەر ئاستی ڕای گشتیی جیهانیش ئەم هەنگاوەی ترەمپ ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، بۆیە ترەمپ ناچار کرا لە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی لە سووریا پاشگەز ببێتەوە. بەڵام پێ ناچێت لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا ترەمپ لە بابەتی سووریا تووشی هەمان ئەو گرفتانە ببێتەوە، چونکە بەر لە هەموو شتێك زۆرینەی کۆنگرێس، بە هەردوو ئەنجومەنەوە (پیران و نوێنەران) کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمارییەکان و لەوانەیە ئەمە دەرفەتی تێپەڕاندنی ئەو بابەتانە ببەخشێتە ترەمپ، بۆ ئەوەی بتوانێ سیاسەت و ئەجێنداکەی خۆی جێبەجێ بکات. هەروەها دەتوانین ئەوە بڵێین ئێستایش ترەمپ سوورە لەسەر ئەوەی لە سووریا بکشێتەوە، چونکە ئەم جارەیان هەم پشتی بە زۆرینەی کۆمارییەکان بەستووە لە کۆنگرێس و هەمیش ئیتر ترسی دووبارە خۆکاندیدکردنی نییە بۆ هەڵبژاردنەکانی دیکە؛ کە ئەمەیش گوشاری ڕای گشتی لەسەر ترەمپ کەمتر دەکات. واتا دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا ترەمپ هەوڵ دەدات ئەو هەنگاوانەی کە لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی پێی جێبەجێ نەکرا، لەم خولەیدا جێبەجێیان بکات؛ کە لە سەرووی هەمووان کشانەوەیە لە سووریا.

ڕاستە کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا لەوانەیە دەرفەت بداتە ڕووسیا و ئێران لە سووریا بەهێزتر بن، بەڵام پێ ناچێت ترەمپ سووریا بە شێوەیەك بەجێ بهێڵێت لە سوودی ئێران و ڕووسیا بێت، بەڵکوو لەم بارییەوە دەکرێت زیاتر پشت بە هێزە کوردییەکان ببەستێت لە لایەك و پەیوەندی و هەماهەنگییەکانی لەگەڵ ئەنقەرە لەم بارەیەوە لە لە سووریا باشتر بکات، بۆ ئەوەی درەفەتی زیاتر بۆ ڕووسیا و ئێران نەڕەخسێت. کەواتە خاڵی کارکردنی هاوبەشی یەکەم لە نێوان واشنتۆن و ئەنقەرە بە ئەگەرێکی زۆر سووریایە؛ سەرەڕای ئەوەی تورکیا نیگەرانە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە کوردییەکانی نزیك پەکەکە لە سووریا.

لە لایەکی دیکە تورکیا لە جەنگی ڕووسیا و ئۆکرایناش لەوانەیە بۆ ترەمپ گرنگ بێت، چونکە هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێی کرد، ترەمپ هەوڵ بۆ کۆتاییهێنان یاخود ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا دەدات. جا بۆ ئەم ئامانجەی، پێشبینی دەکرێت ترەمپ داوای یارمەتی لە تورکیا بکات کە وەك ناوبژێوان لە نێوان لایەنەکان ڕۆڵ ببینێت؛ چونکە بڕینی یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکراینا، دەبێتە هۆی ئەوەی ناتۆ دووبارە بە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە ئۆکرایینادا بچێتەوە؛ لەم حاڵەتەیشدا دیسان گرنگیی ڕۆڵی تورکیا بۆ ئەمریکا بەدەردەکەوێت و لەوانەیە لەم چوارچێوەیەدا قۆناغێکی نوێ و جیاوازتر لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا دەست پێ بکات.

بەرامبەر ئەمە تێڕوانینی ترەمپ بۆ مەسەلەی فەلەستین جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تورکیا، چونکە دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە تا ئێستا لە مێژووی ئەمریکا هیچ سەرۆکێکی ئەمریکی بەقەدەر ترەمپ پاڵپشتیی لە ئیسرائیل نەکردووە. بۆیە پێشبینی دەکرێ واشنتۆن و ئەنقەرە لەسەر بابەتی فەلەستین ڕێك نەکەون چونکە لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە جیاوازیی بەرچاویان هەیە. بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییە، بەهۆی ئەوەی تورکیا ناچارە بەپراگماتیکی جووڵە بکات، پێ ناچێت ئەم بابەتە ببێتە هۆی ئەوەی بەتەواوەتی پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بپچڕێنێت و بگاتە ئاستێك نەتوانن تاوتوێی کێشە و گرفتەکان بکەن.

هەروەها بەدەر لە دامەزراوە فەرمییەکان، کە ئیدارەی بایدن لە کاتی داڕشتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا گرنگیی پێ دەدا، چاوەڕوان دەکرێت ترەمپ و ئەردۆغان لە چوارچێوەی دیپلۆماسیی سەرکردایەتی (Diplomatic Leadership) زیاتر پەرە بە پەیوەندییەکانی خۆیان بدەن و لەوانەیە ترەمپ زیاتر گوێ لە نیگەرانییەکانی تورکیا بگرێت؛ بەڵام بەهۆی سیاسەتە هەرێمییەکان و هەڵوێستە چاوەڕوانکراوەکانی ترەمپ بەرامبەر بە ناتۆ، لەوانەیە هەندێك ناکۆکیی نوێ سەر هەڵبداتەوە کە پێشتر لە ئارادا نەبوون. هەروەها تورکیا یەکێك دەبێت لەو وڵاتانەی کە زەرەر و زیانیان بەردەکەوێت بەهۆی زیادکردنی ڕێژەی ڕسووماتی گومرگی لەسەر کەلوپەلی هاوردەکراو بۆ ئەمریکا، چونکە ئەنقەرە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پشت بە هەناردەکردنی کەلوپەلەکانی لەسەر ئاستی جیهانیدا دەبەستێت.

**لێکەوتەکانی هەڵبژاردنی ترەمپ لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان**

باسکردنی عێراق بەبێ ئاماژەدان بە ئێران لە قۆناغی ئێستادا کارێکی ڕاست و دروست نابێ، چونکە تاران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەتایبەت دوای ساڵی 2003 خاوەن دەستڕۆیشتوویی (نفووز)ێکی بەرچاوە لە عێراق. بۆیە بەهێزبوونی ئێران لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، بە واتای بەهێزبوونی دەستڕۆیشتوویی تاران دێت لە عێراق.

بەڵام پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی "چوارچێوەی ستراتیژی بۆ پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوئاهەنگیی نێوان ئەمریکا و کۆماری عێراق) نێوان دوو لا کە لە ساڵی 2008 واژۆ کراوە، ڕێك خراوە. پێ ناچێت ترەمپ واز لەم ڕێککەوتنە بهێنێت و عێراق بەتەواوەتی بۆ گرووپە چەکدارەکانی نزیکی ئێران بەجێ بهێڵێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێشبینی دەکرێت گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەم گرووپانە زیاتر بکرێت و کار بۆ لاوازکردنیان دەکرێت. چونکە ستراتیژییە سەرەکییەکەی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە عێراق بەتایبەت گوشارخستنە سەر ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی تارانە، کە ئەم هەنگاوەیش لەگەڵ ویست و ئارەزووی ئیسرائیل گونجاوە، کە لە دوای حەوتی ئۆکتۆبەرەوە کاری جددیی لەسەر کردووە.

هەروەها بەپێی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئەمریکا ئەرکی هاوپەیمانیی سەربازی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 2025 کۆتایی دێت و دوای ئەم قۆناغەیش شەراکەتی ئەمنیی دوولایەنە لە نێوان عێراق و ئەمریکا دەست پێ دەکات. جا لە ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق، چاوەڕێ دەکرێت ترەمپ گوشارەکانی خۆی بۆ سەر سەرکردە عێراقییەکان زیاتر بکات بۆ ئەوەی ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی نێوانیان بە شێوەیەك دابڕێژێ کە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بێت. بۆیە چوار ساڵی داهاتووی عێراق بەهۆی سیاسەتەکانی ترەمپەوە، پڕ دەبێ لە جووڵە و قەیران و کێشە و ململانێ و، عێراق پێ دەنێتە نێو قۆناغێکی سەخت و پڕ لە کێشمەکێشەوە، کە زۆر زەحمەتە بەبێ زیان لێی دەرباز بێت!

هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی هەندێك گۆڕانکاری دەبێتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە، جا ئەم گۆڕانکارییانە لەوانەیە نەرێنی بن و لەوانەیشە ئەرێنی؛ بۆ نموونە ئەو کەسایەتییانەی کە بڕیارە لە ئیدارەی نوێی ترەمپ کار بکەن، تێڕوانین و هەڵوێستی بەشێکیان بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئەرێنییە؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کەسانە دەتوانن بەبێ کێشە و ڕاستەوخۆ پاڵپشتی لە هەرێمی کوردستان بکەن. بە شێوەیەکی گشتییش بارودۆخی گشتیی عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؛ واتا تێکچوونی سەقامگیری و ئاسایش و ئابووری و دارایی عێراق کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان.

**کۆبەند**

خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترەمپ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەبێت، چونکە ترەمپ کار بە جێبەجێکردنی سیاسەتی "ئەمریکا یەکەمە و پێش هەموو شتێکە" (America First) دەکات؛ واتا هەر هەنگاوێك کە ئەمریکا بنێتەوە، ئەوە دەبێت پێش هەموو شتێك سوودی بۆ ئەمریکا هەبێت. ئەم سیاسەتە لە بنەڕەتدا بۆ یەکەم جار سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا "وۆدرۆ ویلسن" لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 1916 بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە ئەمریکا بەکاری هێناوە بۆ ئەوەی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بێلایەن بێت. بەڵام ترەمپ ڕای گەیاندووە کە مەبەستی لەم دروشمە، بێلایەنیی ئەمریکا نییە بەڵکوو ئەو لەگەڵ ئەوەدایە ئەمریکا هەر هەنگاوێك بنێت ئەوە دەبێ سوود و پاداشت و بەرامبەرەکەی وەربگرێت.

بۆیە ئەگەر تەماشایەکی ئەو ناوانە بکەین کە تا ئێستا ترەمپ بۆ ئیدارەی داهاتوو دەستنیشانی کردوون، لەگەڵ دروشمەکانی "Peace Through Strength" (ئاشتی لە ڕێگەی هێزەوە) و "ئەمریکا یەکەمە و

پێش هەموو شتێکە” (America First) □ ئەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چوار ساڵی سەخت و پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی لە سەرجەم کەرتەکاندا چاوەڕێی جیهان دەکات. لەبەر ئەوە سەرکردەی وڵاتانی جیهان بەحەزەرەوە چاودێریی هەنگاوەکانی ترەمپ دەکەن و لە ئێستاوە خۆیان بۆ هەڵوێست و هەنگاوە لەناکاو و چاوەڕواننەکراوەکانی ترەمپ ئامادە دەکەن.